# ئایا مامە ئەزموونی خۆی لە ئەنجوومەنی حوکم دووبارە دەکاتەوە؟!

لەو کاتەی بەڕێز مام جەلال لە بەغدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکمی دەکرد، دوو هەنگاوی زۆر مەترسیداری نا کە نزیك بوو کورد تووشی کێشەیەکی گەورە بکات. یەکەمیان خەریك بوو ناوی پێشمەرگە لە عێراقدا بسڕێتەوە و بڕیاری نەهێشتنی میلیشیاکان بەسەر پێشمەرگەشدا بسەپێنێت، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەی لە ژێر گۆشاری بریمەر هەوڵی ڕازی کردنی بارزانیشی دەدا، دووەمیشیان بە ئیمزا کردنی بڕیاری فیدرالیەتی پارێزگاکان خەریك بوو گوریسەکەی کورد بکاتەوە بە خوری و گشت ئەزموونی کورد بە بەبادا بدات. باش بوو ماوەی زوو کۆتایی پێ هات ئەگینا بەرنامەی تایبەتی بۆ کەرکوکیش هەبوو و هەر خوا دەیزانی ئەگەر ماوەی هەبوایە چی بە چی دەکرد!!!.

بەڵام ئێستا مامە سەرۆك کۆمارە و ماوەیەکی زیاتر لە هەشت مانگ لە بەغدا دەمێنتەوە، جا پرسیار ئەوەیە ئایا مامە دەرسی لە ئەزموونی خۆی لە ئەنجومەنی حوکم وەرگرتووە یان هەمان ئەزموون دووبارە دەکاتەوە؟ مانگەکانی داهاتوو وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە ، بەڵام پێشینەی سیاسی مامە وامان لێدەکات کە بە ترس و دڵەڕاوکێ چاوەڕوانی هەنگاوەکانی داهاتووی بین. جارێ هەموو کات دەبێ ترسی ئەوەمان هەبێت کە بە گاڵتەجاریە بێماناکانی لە بەرامبەر ڕاگەیاندندا حەیای کورد نەبات، لە دوا دیدارەکانیشیدا لە گەل هەردوو کەناڵەکانی ئەلعەرەبیە و LBC ئەوەی سەلماند کە توانای کۆنترول کردنی زەین و قسەکانی نیە ، بەڵام زۆر موعجبی خۆیەتی هەر بۆیە ئەستەمە هەست بە هەڵەکانی بکات.

مامە گرێیەکی کۆنی دەروونیی هەیە کە هەمیشە خەونی ئەوە بووە ببێتە کەسی یەکەم ، بۆیە کاتێ بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم کۆنترولی خۆی لە دەست داو هەڵە لە دوای هەڵەی تۆمار کرد. ئێستاش کە بووە سەرۆك کۆمار پێدەچێ دیسان کونترۆلی خۆی لەدەستدابێ. ترسی ئەوە هەیە بۆ ڕازی کردنی عەرەب و تورك و ئێران هەموو هەوڵێك بدات، کە ئەمەش جێگەی مەترسیە.

سەرکردایەتی کورد باش شارەزای ئەم خوو و تایبەتمەندییەی تاڵەبانین هەر بۆیە ئۆباڵی هەر هەڵەیەکی تاڵەبانی تەنیا بۆ خۆی ناگەڕێتەوە بەڵکو گشت سەرکردایەتی کورد لێی بەرپرسیارە. لەم نێوەندەشدا بەشی هەرە زۆری گلەیی و ئەنجامی بەرپرسیارەتی بۆ بارزانی دەگەڕێتەوە کە زۆر پێی لە سەر ئەوە دادەگرت تاڵەبانی ئەم پۆستە وەرگرێت.

**سامان کەریم** samankerim75@yahoo.com